# غمبر صلى الله عله وسلم ب شرمتر بوو ل تاز شتوو ل نو وور خدا بت، وئر حز ل شت نبوا ئوا ل دمواوو دمانزان

له ئه‌بی سه‌عیدی خودرییه‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- ده‌ڵێت: «پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- به شه‌رمتر بوو له کچێکی تازه پێگه‌یشتوو که له نێو ژووره‌که‌ی خۆیدا بێت، وئه‌گه‌ر حه‌زی له شتێک نه‌بوایه ئه‌وا له ده‌موچاویه‌وه ده‌مانزانی».

[صه‌حیحه] [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

ئه‌بو سه‌عیدی خودری -ڕه‌زای خوای لێبێت- باسی ئه‌وه‌مان بۆ ده‌کات که پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- به شه‌رمتر بوو زیاتر له کچێکی تازه پێگه‌یشتوو که هاوسه‌رگیری نه‌کردووه وهه‌ڵسوکه‌وتی له‌گه‌ڵ مێردا نه‌کردووه وله ماڵه‌که‌ی خۆیدایه، و به‌هۆی زۆر به‌شه‌رمی کاتێك حه‌زی به شتێك نه‌بووایه ڕووی ده‌گۆڕا وقسه‌ی نه‌ده‌کرد، به‌ڵکو هاوه‌ڵانیشی تێده‌گه‌یشتن که حه‌ز به‌و شته ناکات ته‌نها به سه‌یرکردنی ڕووی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3153